# گەشتی رۆح بە نێو رەهەندەکانی عیشقدا



سەعدوڵڵا برایم خان

عیشق دەربڕی پاکی و گەورەیی هەر ئینسانێکە  لە سادەترین پێناسەیدا، پەیامێکی ناوکۆیی و هەبوونی ئیرادەیەکی بە هێزی ئینسانی بوونە.

لەو کاتەدا عیشق وەهمەکان و فۆرمە کۆمەڵایەتیەکان تێك دەشکێنێت، سەر لە نوێ فۆڕمی ئینسانی بوون و گەڕان  بە دوای رەهەندەکانی عیشق و جوانناسی پەخشدەکاتەوە  عیشق جیهانێکە سنورەکانی بە کراوەیی و بێ تەلبەند و بێ کۆپی کردنی ئەویدی و بێ تێك شکاندن و تیرۆر کردنی عەقڵی ئەو یدیە.  لەو جیهانەدا لە برِی خوێن . بۆنی ژن بوون و  لە برِی روحی پیاو سالاری روحی مێینە،  لە جیهانی عیشقدا ساتەکان  بە قە یرەیی نامێننەوە ساتەکان  لە کات و شوێنی خۆیاندا سوودیان لێ وەردەگیرێ دیالۆگی عاشقانە و چوونە ناو روحی یەکتری هەلهەلەی وەرگرتنی نە شوە لێ دەدن  لە جیهانی عیشقدا شەمام مێ، کولان مێ، ووشە مێ  . نێگا مێ، خودا نوێنەرەکانی  بە روحی مێینەوە دەنێرتە خوارەوە. لەو جیهانە مێینەدا دەبێت توورەیی لە کون دیوارەکان خۆیان عەشار بدەن، ، دەبێ ڕەنگی خۆی بگۆڕێ بۆ ڕەنگی سپی، دڵۆپە ئاوی کچێنی.

لەم جیهانەدا خەمەکان خەمی گشتی و پرسیارەکان پرسیاری گشتی و قسە کردن  لە برِی قسە کردن بێ بۆ شتە بچووکەکان، قسە کرد نە  لە سەر شتە گەورەکان  لە سەر داهێنان و عەقلیەتی تێ پەرێنە رو پرۆسەی  ئالۆگۆڕی عەقڵی.

لەم جیهانەدا داهێنانی گەورە ئینسانی گەورە، پرۆژەی گەورە، سیاسەت، لە برِی بچووکی و چۆك دادان و تەسلیم بوون و کۆپی کردنی ئەویدی و بەخشینی مانا بە ئینسانە لاوازەکان.. سیاسەت  لە خزمەت فەزای گشتی و دروست کردنیە تی ئەم جیهانەدا ئینسانە کۆپی و هەڵگرەوەی  ژیانی ئینسانە ستەمکارەکان تورِە هەڵدەدات.  لەوێدا  لە فەزای عیشقدا  لە جیهانی پڕ لە فەزیلەتدا، لە جیهانی ئینسانە گەورەکاندا گەورە بە کردار  بە نواندنی کرداری جوامێری، روحی لێ بوردەیی و ...دا لەوێدا ڕەهەندەکانی جوانی و جوانناسی دەبنە ڕایەڵی رۆحی نێوان ئینسان و جڤات نێوانی من و ئەو و ئەویتر و ئەوانیتر و لەوێ ندەرێدا  لە جیهانی عیشقدا هەموو پەیوەندیەکان  لە عیشقەوە  سەرچاوە دەگرن، پەیوەندی نێوان ئایین و مرۆڤ نێوانی مرۆڤ و نیشتمان..هتد لەم جیهانەدا مەرگ دەبێ لە ژێر زەمینێکی نەفرەت لێ کراودا خۆی  لە ناو تابوتی شەرمەزاریدا بشارێتەوە، ئەو واعیز و تەڵقینانەی لە پێشترەوە  لە پێش جیهانی عیشقەوە لە زهنی تاکەکانی کۆمەڵگا چا ندویانە ، لەوێدا خۆیان دەبن بە کالای سوك و بێ حورمەتی جوانناسان و ئینسانە گەورەکانی دونیای عیشق، ئەو ئینسانانەی خۆیان وەك، دەزگایێکی سەر لە نوێ پەخشکردنەوەی جەهل و گەڕانەوە بۆ ئەو تونێلە ڕەشەی کە سیستمێك دەخوازن سیتمی مەرگ دۆستی وچاندنی مەرگ و تێك شکاندنی حیکایەتە جوانەکان و حیکایەتەکانی عیشق  لە بار بەرێت. ئێوە ئەو ئینسانە خوێناویانەی  کە خوداتان  بە کائینێکی جەببار و قەههار  بە ئینسانەکان ناساندوە خودا  نەهیتان لێ دەکات، خودا خاوەنی ئەو روحە مێینە و ئەو جیهانە عیشق ئامێزەیە کە ئێوە

**وێنه تان شیواندوه، بار كەن برۆن بۆ مەملەكەتێك كە بە ترس گەمارۆ درا بێت، برۆن بۆ ئەو شوینەی كە ترس پاڵنەری سەرەكی پرۆسەی ژیانی مەرگ ئاساتان بێت.**

**برۆن ئێوە جیهان  بە خوێن دەناسنەوە , ئێوە  لە بڕی خۆشەویستی عەقد و كەراهەت و توڕەیی و قڕ كردن و تێك شكاندن  بە بنەما دەگرن.**

**ئێوە جیهان  بە بۆنی خوێن، دەناسنەوە ئێوە  بە مەعریفەی شمشێر پەروەر دەبوون كۆمەڵگا  لە شێوەی سەربازگە وێنا دەكەن، ئێوە كە ناتوانن گوێ  لە مۆسیقا و گۆرانی بگرن  باشتر وایە  لە چەنگەڵستان دابژین یاری  بە ئیسقانەكانی یەكتری بكەن وانەی تووند و تیژی بە خوێنی یەكتری بنووسنەوە، ئێوە كە روحتان نەبێت ڕەهەندەكانی عیشق بخوێننەوە  كە نەست تان نەبێت گوێ  لە مۆسیقا بگرن، كە دڵتان نەبێ خۆشەویستی بهۆننەوە، كە چاوەكانتان تەنها ژن وەك قەلە رەش  لە ناو تۆپەڵە یەكی رەش ببینن، باشتروایە گللەیی  لە كەس نەكەن بۆ  بەختی خۆتان بگرێن ـ.**

**ئێرە دونیای عیشقە و دونیای عیشقیش ئینسانە گەورەكان و جوانناسەكان  لە خۆ دەگرێـ..؟**

**ئێوە كوری فەزای یەقینن، ئێوە كە باوەرتا ن بە گومان نە بێت هیچ مە سفێك لە نیوانی خوتا ن وئایدیا كەتان دانانین و كەمترین قەلە قی  لە هەست تان نیە ناتوانن  لە دونیای جیاوازیەكان و دونیای ڕستە زاوزێكارەكان گەمە  بكەن، باشتر وایە،  لە تابۆتی یەقینیـیەوە پاڵكەون،  لە گەمەكانی زمان و جوڵەی نەست و ڕەهەندەكانی عیشق دوور كەونەوە برۆن ڕستە نەزۆكەكان بكەن  بە ماكێنی كوشتنی جیاوازیەكان برۆن ئەوانەی بەزیند و یی مردوون و رۆژانە یەكتری تەڵقین دەدەن فاییلی ئینسانی بوون و لە دایك بوونتان بگۆڕیـن بۆ سەردەمی بەر  لە دایك بوونی مرۆڤی ئازاد، بخەون بەڵكو  خەون بە گەڕانەوە بۆ سەدەی مرۆڤ قڕ كردن و كەولكردنی ئینسانەكانەوە ببینین كە ئایداكانی ئێوە  لەو سیاقێكی مێژووەوە وەك جووت و كەللا سەری یەكتریان پەڕاندوە بخەون بۆ ئەوەی جوانیەكان بكوژن، خەیاڵ بكوژن، مژدە بكوژن، دونیای رەنگاڵەیی  بكوژن.**

**ئێمەی شەیدای عیشق و عیشق بۆ نیشتمان بۆ جڤاك بۆ ئازادی بۆ پرۆسەی یەكتر قبولكردن شە یدای قەڵەقی و گومان لە دەسەڵات و لە ئایین و لە فۆرمە كۆمەڵایەتیەكان  گوناهمان چیـیە خەمەكان و خەساندنی ئێوە بهۆنینەوە ئێوە كە قاچەكانتان  لە شوێنی خۆی چەق بەستراون چاوتان  بە ڕەنگە جیاوازەكان هەڵنایێت و  لە خۆتانەوە  بە پسە پس ڕێ دەپێون ئێوە كە خەون  بەوە دەبین ببن  بە ژەهری ناو دەمی مار  بە جوانیەكانەوە  بدەن، ئێمە گوناهمان چیـیە  كە دەمانەوێت تا ئەو پەڕی سنوری ژیان بژین و  دونیا رەنگ بكەیەین رەنگ ی سوور.پەمەیی , ئەرخەوانی,وەنەوشەیی ,, هتد كە هەریەك لەورەنگانە دەربری رەهەندیكی عیشقە . ئێوە كە شووناسی هەرەسی روحی ئینسانی كوردن، ئێوە كە ڕەنگی تابوتتان گرتووە ئێوە كە نەست تان كوشتووە، حەزەكانتان كەلەپچە كردوون، ئێوە كە دەتانەوێت جووڵەی زەوی ڕابگرن، ئێوە كە خوداتان  لە تونێلێكی رەشەوە مانیفێست كردوەو . ئێمە گوناهمان چیـیە كە خودا  بە سەرچاوەی كامەرانی و عیشق و جوانناسیەوە دەناسین، ئێوە كە دەتانەوێت یەك فۆرم  بە خودا بدەن ئێمە گوناهمان چیـیە كە دەخوازین هەر ئینسانە و فۆرمێكی تایبەت  بە خودا بدات  لە ڕێگای ئایدیای خۆیەوە خودا پەرستی بكات ئینسان هەیە لە ڕێگای عیشق بۆ نیشتمان خودا دەپەرەستێ ئینسانی وا هەیە دەیەوێت خودا پەرەستی  لە ڕێگای سروشتەوە بكات، ئیتر هەیە دەیەوێت لە ڕێگای بۆن و مەرامەی ژنەوە خودا بپەرستێت.**

**گرنگترین كاراكتەری خوداپەرستی ئەوەیە كە لە ترسەوە سەرچاوەی نەگرتبێ،  بەڵكو  لە خۆشەویستیەوە بێ، ئینسان كە سەرسام دەبێـ  بە وجوانی و سروشتە دڵرفێنە و  ئەو جولەی زەوی و ژیان و گەمەكانی روحی ئینسانەكان راستەوخۆ ئەو هێزە جولێنەرە گەورەی خۆش دەوێت، كە بەو دونیایەی ئاشنا كردووە ئینسانێك كە ئاوێتەی روحی عاشقەكەی خۆی دەبێت چۆن زكر و فەنا تنیزمی گەورەیی خودا نابێت كە ئەم ساتە خۆشەی بۆ فەراهەم كردووە، ئینسانێك ساتەكانی خۆی هەڵبگرێتەوە و گەمەكانی خۆی بباتەوە  لە ڕێگای دۆزینەوەی رەهەندە روحیەكانی عیشقەوە ئەو خودا دەكاتە یەك پارچە  لە عیشق، یەك پارچە  لە خۆشەویستی، روحی ئەو بۆ لای ئەو خودایە هەڵدەفرێت.**

**ئەو تێتر نابێت    لە زكر بۆ خودا بەڵام ئەو ئینسانە ترس نەبۆتە پاڵنەری سەرەكی بۆ ئەو پەرستنەی بەڵكو خۆشەویستی كاركتەری  ئەو پەرستنە  بووە.**

بەڵام ئێوە کە هیچ پەیوەندێکی روحی و خۆشەویستیان نیە بۆ خودا، تەنها ترس پاڵنەری سەرەکیتانە، کەواتە خۆشەویستی و عیشق نابێتە ڕایەڵێ نێوان ئێوە و خودا، تەنها ترس و ئەنانیەت و هزری توند و تیژی نەبێت، بۆیە ئێوە لە دونیای عیشق جێگاتان نابێتەوە، بڕۆن بۆ مەملەکەتی خوێن، بارین.. و ترس بارین.. بار کەن بڕۆن.